## کۆڤان حەسەن:

# هیوادارم هاوکاریمان بکەن چونکە توێژێکی تایبەتین لە کۆمەڵگە

دیمانە: کارزان کانەبی

**یەکێك لەیاریزانە هەرە بەتواناکانی یاری گۆڕەپان و مەیدان بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت یاریزان کۆڤان حەسەن لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی قەزای ئاکرێ سەر بەپارێزگای دهۆکە و یاریزانی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق و یانەی دهۆکە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، تاکو ئێستا چەندین ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق و یانەی دهۆك و خاوەنی زۆرترین ڕێژەی ملوانکەی زێڕە وەکو یاریزانێکی خاوەن پێداویستی تایبەت لەسەر ئاستی عێراق، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدانی خاوەن پێداویستی تایبەت چۆن دەبینی؟**

- لەئێستادا وەکو پێویستە و باشە لەچاو ساڵانی ڕابردوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگی بەخاوەن پێداویستی تایبەت نادرێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆخاوەن پێداویستی تایبەت تاکو یارییەکەیان پێشبکەوێت؟**

- پێش هەموو شتێك هاوکاری بەردەوامیان بکرێت، بۆئەوەی ئارەزووی لەهەر یارییەك هەیە بتوانێ خۆی پێشبخات و گرنگی بە بەهەرەکانی خۆی بدات.

*** کێشە و گرفتان چییە؟**

- کێشەو گرفتمان زۆرە، بەتایبەتی گرنگترین کێشەمان نەبوونی هاوکارییە، وەکو خۆم خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوم هیچیان بۆ نەکردوومە، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر من و هەموو یاریزانەکانی تر، وا دەکات چیتر گرنگی بەتواناکانی خۆمان نەدەین، ئەوەش کێشەیە. دابینکردنی یاریگایەکی تایبەت بۆهەموو یاریزانانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

*** لەزۆر پاڵەوانێتی بەشداریت کردووە ئەنجامەکانت چین؟**

- لەوڵاتی چیك لەئاستی لاوان بەشداریم کرد سێ میدالیای زێڕم بەدەستهێنا، بەکۆی گشتی خاوەنی ١٥میدالیای زێڕم جگە لەزیویش.

*** تاکو ئێستا ژمارەیی پێوانەیی لەهاویشتنی ڕم بەناوی تۆیە لەسەر ئاستی جیهان؟**

- بەڵێ تاکو ئێستا پاڵەوانی جیهانم و ژمارە پێوانەییەکەم ٣٩و٥٥سم هەر بەناوی خۆشم دەهێڵمەوە.

*** داواکاری و پێشنیارت چییە بۆلایەنی بەرپرس بۆئەوەی زیاتر گرنگی بە یارییەکەتان بدرێت؟**

- داواکارم هاوکاریمان بکەن، چونکە ئێمە چینێکی تایبەتین لەکۆمەڵگە بۆیە پێویستیمان بە هاوکاری لایەنە پێوەندیدارەکانە ئەگەر ئەوان هاوکاریمان بکەن ئێمەش ڕۆڵی خۆمان دەبینین لەسەر ئاستی جیهان.

*** دەڵێن ژمارەیەکی زۆری یانەکان داوای یاریی کردنیان لێ کردی؟**

- بەڵێ چەندین یانە داوایان کردومە بەتایبەتی یانەکانی شاری بەغدا، بەڵام لەبەر خاتری کوردستان ناچمە هیچ یانەیەکی دەرەوەی کوردستان.

*** هیواو ئاواتت چییە وەکو کوڕە کوردێك؟**

- بەهیوای ئەوەم وەکو کوردێك بە ئاڵای کوردستان لەپاڵەوانیەتییەکی دەرەوە بەشداربم لەداهاتوو، ئەوانیش بزانن کوردێك هەیە دەتوانێ ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێ شانازی بەخۆم بکەم.

*** دەڵێن تاکو ئێستا هیچت بۆنەکراوە؟**

- بەڵی خاوەنی چەندین ژمارەی پێوانەییم لەسەر ئاستی جیهان و کوردستان و عێراق، ئینجا تاکو ئێستا هیچم بۆنەکراوە.

*** بەشداری ئۆڵۆمپیاتی لەندەن دەکەی وەکو یاریزانێکی کورد؟**

- بەدڵنیاییەوە بەشداری دەکەم لەمانگی هەشتی داهاتوو مانگێك پێش ئەویش دەچمە وڵاتی ئیمارات خۆم ئامادە دەکەم وەکو کوردێکیش بەشدار دەبم.

*** یانەی دهۆك هاوکاری بەردەوامت دەکات؟**

- دەمەوێ لەڕێگای گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست سوپاسی دەستەی کارگێڕی و پارێزگاری دهۆك بکەم کە تاکە پارێزگارە بەردەوام هاوکاریم دەکات.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆئێوەی خۆشەویست بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بە یاریزانانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێت.







## محەمەد فەوزی یاریزانی بۆکسێنی کورد لەدانیمارک:

# هەردەم لەسەر درێسی یاریکردنم ئاڵای کوردستانم نەخشاندووە






**محەمەد فەوزی حوســێن عەلی لەساڵی ١٩٩٧ لەهەولێر لەدایك بووە نازناوی خانەوادەکەی (عەلی)ـە، بەمحەمەد عەلی کلای کوردی ناوی دەرکردووە و ڕاگەیاندنی وەرزشی کوردیش نایناسن، لەنزیکەوە وڵامی ئەم پرسیارانەی دایەوە.**

*** بۆ ڕووت لەیاری بۆکسێن کرد؟**

- لەقوتابخانە پزیشـــکمان هەیە پشـــکنینی بۆ کردم وتی ئەگەر وەرزش نەکەی، ئەوا کێشت زیاد دەکات و قەڵەو دەبیت، بۆیە منیش دەستم بەوەرزش کرد، زۆربەی وەرزشەکانم کرد وەکو باسکە و تۆپی پێ و مەلەوانی، بەڵام حەز و ویســـتم بۆ بۆکســـێن زیاتر بوو، هەرچەندە دەڵێن بۆکسێن یارییەکی ترسناکە، بەڵام دەســـتکێش و کڵاو و پێداویستی خۆپاراستنی هەیە، واتە هەست ناکەم ترسناك بێت.

*** لەهاندان و مەشق پێکردنت کێ هاوکارتە؟**

- بـــاوك و دایکـــم بەپلە یەك بە بەردەوام هانم دەدەن، بەڵام بۆ مەشـــق و ڕاهێنانم سێ مامۆستا بەناوەکانی (BO...KENI....STEN) .

*** یەکەم یاری فەرمیت لەگەڵ کێ بوو؟**

- لەیاری (H S K) بوو لەگەڵ یاریزان (ئیلیس) بوو توانیم سەرکەوتن تۆمار بکەم، ئەو کات لەژێر تەمەنی (١٥) ساڵ بووم.

*** دەکرێ باسی ئەنجامەکانت بکەی؟**

- لەســـەرجەم یارییەکانـــی وڵاتی دانیمارك یەکەم بوومـــە تەنیا یەکجار لەیاری کۆتایی ســـەرنەکەوتم، دانیمارك ســـێ دوورگەیە، لەدوورگەکەی خۆم یەکەم بوومە و لەهەرســـێ دوورگەکانی دانیمارکیش لەساڵی ٢٠١٠ تا ئێســـتا لەکێشـــی (٦٠ کغم) هەر یەکەمم، هەروەها یەکجار بەشداری پاڵەوانەکانی ئەورووپام کردووە لەوڵاتی ســـوید ساڵی (٢٠١١)، ئەمساڵەش بەنیازم بەشداری بۆکسێنی وڵاتانی ئەورووپا بکەم، لەم سێ ساڵەی ڕابردوو توانیم چەند میدالیای زێڕ و زیوو و بڕوانامەی خول و بڕوانامەی ڕێزلێنان بەدەست بێنم.

*** کاتی یاریکردنت باس بکەی؟**

- من لەبەرئەوەی ناوی خانەوادەکەم (عەلی)ـە، پێم دەڵێن محەمەد عەلی کلای کـــوردی یاری دەکات و من خەونم هەر ئەوەیە ڕۆژێك لەڕۆژان بۆ میللەت وڵاتەکەی خۆم وەکو محەمەد عەلی کلای ئاڵای کوردســـتان بەرز بکەمەوە و هەردەم لەســـەر درێـــژی یاریکردنم ئاڵای کوردستانم نەخشاندووە.

*** دوا پەیڤت؟**

- کوردستان زۆر قەرەباڵغ و خۆشە، بەڵام دانیمارك چۆڵە، ئەو دانیشتن و خۆشییەی لەنێو خێزانی کوردەواری هەیە لەهیچ شوێنێکی جیهان بوونی نییە، من بەوە زۆر دڵخۆشم، بەڵام دەمەوێت سەردانی تیپێکی یانەی بۆکسێنی کوردی بکەم تا ئێستا بۆم نەدۆزراوەتەوە.

ماوەتەوە بڵێین محەمەد فەوزی دوو خوشکی هەیە فریشتەخان کە ئەویش یاریزانی کاراتێیە و پشتێنی پشتێنی هەیە و خوشکە بچووکەکەی ناوی ئاڤێســـتایە و یاری باڵێ دەکات و ژیـــان خانی دایکی دەڵێ کاتێ حەمە گیان یاری دەبێت دەستم لەسەر دڵمە زۆر دەترســـم، چونکە یاریەکە شەڕی تیایە و زۆر ناخۆشە، کاك فـــەوزی باوکی لەهەفتەی (٥) ڕۆژ محەمـــەدی کوڕی بۆماوەی (٢) کاتژمێـــر دەبـــات تا لەمەشق تەواو دەبێت و ئەو زۆر دڵخۆشە و شـــانازی بەحەمە و فریشتە و ئاڤێستا دەکات، هەروەها فێری خوێندن و نووســـینی کوردییان دەکات.



# ليڤەرپول دەست بەرداری کارۆل دەبێت

ڕۆژنامەی دەیلی میرەری بەریتانی ڕایگەیاند یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی و ڕاهێنەرەکەی کینی دالگلیش بەهەموو شێوەیەك متمانەیان بەیاریزانی هێرشبەر ئەندی کارۆل نەماوە و لەهاوینی داهاتوو لەیانەی لیڤەرپول نامێنێت و دەچێتە یانەیەکی دیکە، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەڕووداوەکەی یاریزان کارۆلی کرد لەیاری یانەکەی بەرامبەر یانەی نیوکاسل یونایتد کە تیایدا بەتوڕەیی لەناو یاریگا چووە دەرەوە و ئەم ڕووداوەش بەنەگەتیڤانە کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی نێوان کارۆل و ڕاهێنەر دالگلیش هەبووە بەتایبەتی کە کارۆل لەکاتی هاتنە دەرەوەی قسەی ناشرینی بەڕاهێنەرەکەی گوتووە.
یاریزان ئەندی کارۆل بەنرخترین یاریزان بوو لەمێژووی یانەی لیڤەرپول بەهاتنی لەیانەی نیوکاسل یونایتد بەبڕی ٣٥ ملیۆن پاوەند بەڵام ئەو ئاستەی پێش کەش نەکرد کە لێی چاوەڕوان دەکرا، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە هاندەرانی یانەی ڕیدز داوای ڕۆیشتنی لەیانەکەیان بکەن.



# پلاتینی بیر لەیەکخستنەوەی هەردوو خولەکەی ئەوروپا دەکاتەوە

ڕۆژنامەی بێڵدی ئەڵمانی ڕایگەیاند کە میشێل پلاتینی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بیر لەوەدەکاتەوە کە هەردوو خولەکەی ئەوروپا، خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و خولی ئەوروپا لیگ لەیەك خولی یەکگرتوو یەکبخاتەوە، خاڵی لاوازی خولی ئەوروپا لیگ لەوەدایە کە داهاتەکەی زۆر کەمە بۆ یانە بەشداربووەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ داهاتی یانەکان لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا سەرەڕای ئەوەی کە خولی ئەوروپا لیگ گۆڕانکاری زۆری بەسەر داهات لەساڵی ٢٠٠٩ کە شوێنی جامی یەکێتی ئەوروپای گرتەوە.
بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە پلاتینی هەوڵ دەدات ژمارەی یانە بەشداربووەکان لەقۆناغی گروپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکان لە٣٢ یانە بۆ ٦٤ یانە بەرزبکاتەوە لەگەڵ هاتنی وەرزی ٢٠١٦ – ٢٠١٧، بۆئەوەی زۆربەی ئەو یانانە لەخۆبگرێت کە بەشداری خولی ئەوروپا لیگ دەکەن، لەهەمان کاتدا یانەکانی خولە بەهێزەکان وەك ئیسپانیا و ئینگلتەرا و ئەڵمانیا دەرفەتیان دەبێت بەشەش یانە لەجیاتی چوار یانە لەم سیستەمە تازەیە بەشداربن، هەروەها دەرفەت بۆ یانەکانی وڵاتە نەناسراوەکان وەك لاتڤیا و بیلاروسیا و سلۆڤاکیا لەخولەکە بەشدار بن.
ئەگەر هاتوو ئەم سیستەمە تازەیە پەیڕەو بکرێت، ئەوە گەورەترین گۆڕانکاری دەبێت لەسیستەمی خولەکانی ئەوروپا دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لەسیستەمی خولی یانەکانی ئەوروپا کە لەساڵی ١٩٩٢ ڕوویدا کە ناوەکەی گۆڕا لەجامی یانەکانی ئەوروپا بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.



# ڤان باستن هەڕەشە لەئەلێگری دەکات

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵی ماڵپەڕی گۆڵی جیهانی سەرۆکی یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی سیلڤیۆ بیرلسکۆنی توورە بوونی خۆی بەجێگرەکەی ئەدریانۆ گالیانی ڕاگەیاندووە لەدوای دۆڕاندنەکانی یانەکەی بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە لەخولی یانەکانی ئەوروپا و دەرچوونی لەقۆناغی هەشتەمەوە هەروەها دۆڕاندنی بەرامبەر یانەی ڤیۆرەنتینا لەخولی ئیتاڵیا و لەدەستدانی پلەی یەکەمی ڕیزبەندی یانەکان، بیرلسکۆنی دەمێکە بەئاستی تیپەکەی ڕازی نییە، چونکە وەك بەرشلۆنە یاری ناکات و هێلی ناوەڕاستی تیپەکەی پێویستی بەیاریزانێکە لەئاستی ئەندریا پێرلۆ کە چووە یانەی یۆڤانتس.
سەرچاوەکان ئەوەشیان ڕاگەیاند لەوانەیە کاری ڕاهێنەر ماسیملیانۆ ئەلیگری لەگەڵ یانەی میلان کۆتایی بێت ئەگەر نەیتوانی پارێزگاری لەنازناوی خولی ئیتاڵیا بکات و ڕاهێنەری هۆڵەندی مارکۆ ڤان باستن کە پێشتر یاریزانی یانەی میلان بووە پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنەوەی شوێنی ڕاهێنەر ئەلێگری، باستن ئێستا ڕاهێنەری یانەی هێرنڤینی هۆڵەندییە، بەڵام ئەگەر سەرۆکی یانەی میلان داوای لێبکات ببێتە ڕاهێنەری یانەکەی ئەوە ڕاستەوخۆ ڕازی دەبێت، چونکە وەرگرتنی ئەرکی ڕاهێنانی یانەیەکی گەورەی وەك میلان هەنگاوێکی گەورەیە لەژیانی وەرزشی ڕاهێنەر مارکۆ ڤان باستن.



# خانمە پیرەکە بە٨٠ ملیۆن یۆرۆ خۆی بەهێز دەکاتەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ لەوڵاتی ئیتاڵیا دووپاتیانکردەوە کە یانەی یۆڤانتس ناسراو بە(خانمە پیرەکە) زۆر بەهێزی دێتە ناو بازاڕی یاریزانان لەهاوینی داهاتوو، بۆ ئەم مەبەستە دەستەی کارگێڕی یانەی یۆڤانتس بڕی ٨٠ ملیۆن یۆرۆی تەرخانکردووە.

یانەی یۆڤانتس لەهەفتەی ڕابردوو بۆندێکی چاودێری لەگەڵ کۆمپانیای (جێب)ی ئەمریکی بۆ ئۆتۆمبێل مۆرکردووە بۆئەوەی ئارمەکەی لەسەر درێسەکانی یانەکە بێت لەوەرزی داهاتوو بەبڕی ٣٥ ملیۆن یۆرۆ، ڕۆژنامەی کۆریری دیللۆ سپۆرتی ئیتاڵی ڕایگەیاند کە یانەی یۆڤانتس بڕە پارەیەکی باشی دێتە دەست لەوەرزی داهاتوو بەهۆی بەشداریکردنی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، هەروەها بڕە پارەیەکی باشی دێتە دەست بەهۆی فرۆشتنی چەند یاریزانێك کە لەم وەرزە بەشداری یارییەکانیان نەکردووە وەك یاریزانی هۆڵەندی ئیلیا و یاریزانی سڕبی کراسیچ و یاریزانی بەرازیلی فیلیپی میلۆ کە بەشێوەی خواستن لەخولی تورکیا یاری دەکات.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە یانەی یۆڤانتس چەند یاریزانێکی دەستنیشان کردووە بۆئەوەی بۆندیان لەگەڵ مۆر بکەن، لەوانە: ئاریان ڕۆبنی هۆڵەندی لەیانەی بایرەن میونیخ و ئەدین ژیکۆ لەیانەی مانچستەر سیتی و گۆنزالۆ هیگواین لەیانەی ڕیال مەدرید و جۆسیبی ڕۆسی لەیانەی ڤیاریال.



# لویس فیگۆ: یاریکردن بۆ ڕیال و بەرشلۆنە خەونی ژیانم بوو

یاریزانی پێشووی نێودەوڵەتی پورتوگالی لویس فیگۆ دووپاتیکردەوە یاریکردن بۆ هەردوو جەمسەرەکەی ئیسپانیا ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە یەکێك لەخەونەکانی ژیانم بوو کە هاتە دی، فیگۆ لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (لانسی) بەرازیلی گوتی: من خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ ئەو یانانە هەیە کە یارییم بۆ کردوون کە بریتین لەیانەکانی سپۆرتینگ لیشبۆنە و بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید و ئینتەر میلان کە ئێستا لەو یانەیە کار دەکەم.

هەروەها فیگۆ گوتی: باشترین کاتەکانی ژیانم لەهەردوو یانەی بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید بوو، خۆم بەبەختەوەر و بەبەخت دەزانم کە بەرگرییم لەدرێسی هەردوو یانە کردووە، چونکە یاریکردن بۆ ئەم دوو یانەیە یەکێك بوو لەخەونەکانی ژیانم کە هاتە دی.

سەبارەت بەململانێی نێوان هەردوو یانە فیگۆ گوتی: ململانێ لەنێوان هەردوو یانە بەردەوامە، ئەوەش تاموچێژ دەداتە یارییەکانی خولی ئیسپانیا، وابزانم ئاستی هەردوو یانە زۆر لەیەك نزیکە، بۆیە زەحمەتە یەکێکیان بەباشتر دابنێیت، ڕیال مەدرید لەلیگا لەپێشە، بەرشلۆنە لەیاری کۆتایی جامی شایە، هەردووکیان لەقۆناغی پێش کۆتایی چامپیۆنز لیگن، بەبۆچوونی من هەردوو یانە زۆر بەهێزن و لەکۆتاییدا تۆپی پێ براوەیە.

سەبارەت بەوەی کامیان باشترە کریستیانۆ ڕۆنالدۆ یان لیۆنیل میسی، فیگۆ گوتی: دەمەوێ هەردوو یاریزان لەتیپەکەی من یاری بکەن چونکە هەردووکیان جیاوازن لەگەڵ سەرجەم یاریزانەکانی دیکەی جیهان.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال




# فیستیڤاڵی وەرزشی سالانەی قوتابخانەکان ئەنجامدرا

وەکو پرۆگرامی سالانەی خۆی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ڕەوتی وەرزشی لەسنووری پەروەردەی خەبات، بەشی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی پەروەردەی خەبات لەسەر یاریگای یانەی خەبات لەژێر چاودێری قایمقامی قەزای خەبات و بەئامادەبوونی هەریەك لەمامۆستایان بورهان ئەرگوشی بەڕێوەبەری گشتی دیوان و بەکر کەریم بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی و عومەر حەمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات و ژمارەیەکی زۆر لەسەرپەرشتیاران و مامۆستایان و هاندەرانی فیستیڤاڵی سالانەی قوتابخانەکانی سنووری قەزای خەبات بەڕێوەچوو، که زیاتر لە٧٠ قوتابخانەی سنووری پەروەردەی خەبات بەشداریان کردبوو، سەرەتای فیستیڤاڵەکەش بەخولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و دواتریش ڕۆیشتنی قوتابیانی قوتابخانەکان و خواردنی سوێندی وەرزشی لەلایەن قوتابیان، دوای ئەوەش قوتابیانی قوتابخانەکان لەهەردوو ئاستی کچان و کوڕان ململانێیەکانیان درێژەی هەبوو تاکو درەنگانی شەو ململانێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی میدالیاکان لەکێبڕکێیەکانی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان.

# یانەی زاخۆ پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان بوو

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری بەرزکردنەوەی قورسایی لەکوردستان خزمەتکردنی ئاستەکانی تەمەن بچووك، لەشاری زاخۆ لەهۆڵی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی شارەکە، بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان و بە بەشداری شەش یانەی شارەکانی کوردستان، پاڵەوانێتی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی کوردستان بۆئاستی تەمەن ٩تا ١٤ساڵی ئەنجامدرا، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لەهەر شەش ئاستی تەمەن ململانێیەکی بەهێزیان دەکرد بۆبەدەستهێنانی نازناوی خولەکە و بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی ڕیزبەندی، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیی خوارەوە بوو.

١-یانەی زاخۆ ٤٨٦خاڵ
٢-یانەی سەرچنار ٤٥٣خاڵ
٣-یانەی قەڵای تورکمان ٤٣٠خاڵ



# جارێکی تر یاریگای زاخۆ نۆژەن دەکرێتەوە

دوای ئەوەی لەسەر ئەرکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبڕی ١٥ملیۆن دۆلار یاریگای نێودەوڵەتی شاری زاخۆ دروست کرا، لەئێستاشدا بەهۆی پاڵە پەستۆی زۆر لەسەر یاریگاکە بۆجارێکی تر فریزی یاریگای زاخۆ نۆژەن دەکرێتەوە، سەرچاوەیەکیش لەیانەی زاخۆ ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەهۆی پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر یاریگاکە بۆیە فریزی یاریگاکە پێویستی بەنۆژەنکردنەوە دەبێت، بەڵام دەتوانین یارییەکانی خۆشمان لەسەر یاریگاکە ئەنجام بدەین، ماوەی نۆژەنکردنەوەکەش ٢٠ڕۆژی دەوێ لەلایەن کۆمپانیایەکی هۆڵەندیەوە ئەرکی نۆژەنکردنەوەی لەئەستۆ دەبێت، گوتیشی ئێمە لەقۆناغی یەکەم چەند یارییەکمان لەسەر یاریگای یانەی سێمێل ئەنجام دەدا، بەڵام لەئێستادا ئەگەر کارەکانمان بەم ماوە کورتە کۆتایی بێت دەتوانین لەسەر یاریگای خۆمان یاری بکەین و تەواوی کارەکانی یاریگا نێودەوڵەتیەکەش لەساڵی داهاتوو کۆتایی دێت، بەمەش شاری زاخۆ دەبێتە خاوەن یاریگای نێودەوڵەتی و سوودێکی زۆری دەبێت بۆ وەرزشکارانی زاخۆی دەلال.



## ئەمڕۆ خولی تۆپی پێی یانە پلەیەک و دووەکانی کەرکوک دەستپێدەکات

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە خولی پلەدووەکانی شاری کەرکوك دەستپێبکات، دوای ئەوەی لەبارەگای نوێنەرایەتی کەرکوکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، یەکێتی تۆپی پێی کەرکوك لەگەڵ نوێنەری یانەکانی پلەیەك و پلەدووی شاری کەرکوك کۆبوونەوە، لەکۆبونەوەکەشدا سەرۆك و ئەندامی یەکێتیەکە تیشکیان خستەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی خولەکان و گفتوگۆیان لەسەر



ئاست و توانای یانەکانیان کرد، دواتریش تیروپشکی هەردوو خولی پلە یەکەکان و پلە دووەکانی شاری کەرکوك ڕاکێشرا و بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە هەردوو خول دەست بەیارییەکانی بکات. خولی پلە یەکەکان پێکهاتووە لەهەریەك لەیانەکانی (حەویجە، کەیوان، دوبس، ئاڵتون کۆپری) لەکۆمەڵەی یەکەم و(تەئاخی و سۆلاف، ئەخا، سۆلاڤی نوێ) لەکۆمەڵەی دووەم یاری دەکەن. لەخولی پلە دووەکانیش حەوت یانە بەشداری دەکەن بەهەمان شێوە دابەشکراوە بەسەر دوو کۆمەڵە بەمشێوەی خوارەوەیە (شۆریجە، لەیلان، پێشەوا) لەکۆمەڵەی یەکەم و(تورکمان، ئاشتی، خاك، داقوق) لەکۆمەڵەی دووەم یارییەکانیان ئەنجام دەدەن.



## بڕیارە سبەی پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی کوردستان دەست پێبکات

وابڕیارە سبەی سێشەممە لەشاری دهۆك، بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی کوردستان و بەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتیەکە، پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان بۆهەردوو ئاستی کوڕان و کچان لەئاستەکانی پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشتووان بێتە ئەنجامدان. لەم بارەشەوە ئەحمەد موسا سەرۆکی یەکێتی تۆپی سەرمێزی کوردستان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئێمە پێشتر بڕیارماندابوو کە خولی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان ئەنجامبدەین، پێشبینش دەکرێ زیاتر لە١٢یانە بەشداری بکات، لەهەردوو ئاستی کوڕان و کچان. گوتیشی پاڵەوانێتیەکەش بەهێز دەبێت، چونکە ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا بەشداری خولەکە دەکەن، گوتیشی ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێ ئێمە چاوەڕوانی لیژنەی ئۆلۆمپیش بووین بۆئەوەی بودجەکەمان پێ بدەن.



## تیپی زۆرانبازی کەرکوک و زاخۆ بەشداری پاڵەوانێتی زۆرانبازی هەرێمەکان لەسوێد دەکەن

بڕیار وایە سبەی سێشەممە شاندی هەریەك لەتیپی زۆرانبازی یانەکانی کەرکوك و زاخۆ لەهەردوو جۆری ڕۆمانی و ئازاد لەئاستی تازەپێگەیشتووان بەشداری پاڵەوانێتی زۆرانبازی هەرێمەکان بکەن لەوڵاتی سوێد. دوای ئەوەی هەردوو یانەی زاخۆ و کەرکوك توانیان ئەنجامی شایستە بەدەستبهێنن لەپاڵەوانێتیەکانی کوردستان و عێراق، بۆیە ئەم دوو یانەیە وەکو نوێنەری کوردستان بەشداری لەپاڵەوانێتی هەرێمەکان دەکەن لەوڵاتی سوێد کە بڕیارە سبەی سێشەممە یارییەکانی دەستپێبکات. یانەی زاخۆ بەتیپێکی بەهێز و بە بەشداری هەشت یاریزان بەشداری پاڵەوانێتی زۆرانبازی ئازاد دەکەن و یانەی کەرکوکیش بەسێ یاریزانی بەتوانا لەجۆری پاڵەوانێتی زۆرانبازی ڕۆمانی بەشداری لەپاڵەوانێتیەکە دەکەن، ململانێیەکانیش لەکێشی ٤٠کگم تاکو ١٢٠کگم دەبێت، پێشبینیش دەکرێت، هەردوو یانەکانی زاخۆ و کەرکوکی نوێنەری هەرێمی کوردستان لەم پاڵەوانێتیە ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەن و بتوانن بەچەندین مەدالیای جۆراوجۆر بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، لەماوەکانی ڕابردووشدا هەردوو یانەی زاخۆ و کەرکوك لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە ئەنجامی شایستەیان بەدەستهێناوە.